**بۆچی تاوانناسی دەخوینین؟**

ئەمە پرسیارێکی زانستی و فەلسەفی زۆر گرنگە، پێویستە لە هەموو بابەتەکانی زانکۆدا بکرێت، واتە وەڵامی ئەو پرسیارەمان لا روون بیت، ئایا مەبەست لە خوێندنی ئەم بابەتە چیە؟

**یان بە شێوەیەکی گشتی خوێندنی ئەم زانستە دەبێتە هۆی :-**

1- لەم بابەتەدا(تاوانناسی)، ئاشنا دەبین بە تێگەیشتنێکی زانستیانە لە دیاردەی تاوان.

2- شارەزایی پەیدادەکەین لەسەر قۆناغە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی زانستی تاوانناسی، هەروەها ئاشنا دەبین بەو فاکتەر و هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تاوان.

3- ئاشنامان دەکات بە گرنگترین ئەو تیۆرانەی کە لە بواری زانستی تاوانناسی خراونەتە روو.

4- خویندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی شارەزابن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لادان یان تاوانیان ئەنجامداوە.

5- خویندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی شارەزابوونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دۆزینەوەی چارەسەر و یارمەتیدانی کۆمەڵگا بۆ کەمکردنەوەی رێژەی تاوان و ئاراستەکردنی پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تەندروست.

**گرنگی بابەتی تاوانناسی بۆ کۆمەڵگا لە چیدایە؟**

1- زانستی تاوانناسی شیکردنەوەیەکی زانستیانە و دروست دەکات لەسەر تاوان؛ بەمەش یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە دیاردەی تاوان، بەشێوەیەکی واقعی وەک ئەوەی کە هەیە نەک تێکەڵ بە خورافە و خەیاڵ بکرێت.

2- تاوانناسی کاتێک لە هۆکارەکانی تاوان دەکۆڵێتەوە، شیکردنەوەیەکی دروستمان دەداتێ لە تاوان و هۆکارەکانی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا، بەمەش رێگا دەکاتەوە لەبەردەم چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان تاوەکو کاربکەن بۆ لابردنی ئەو هۆکارانە یان کەمکردنەوەیان.

3- توێژینەوە تیۆری و مەیدانییەکانی بواری تاواناسی، بونە هۆی دۆزینەوەی هەندێک لە شێوازە رەفتارییە لادەرەکان کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا  بڵاوبونەتەوە یاخود لە توێژێکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدەن، بۆ ئەوەی پێشتر چارەسەربکرێت پێش ئەوەی لە رەفتارێکی لادەرەوە ببێتە رەفتارێکی تاوانکاری.

4- تاواناسی زۆر تیۆری سەبارەت بە کەسایەتی تاوانبار خستۆتە ڕوو، کە رۆڵیان هەبووە لە دیاریکردنی جۆر و بڕی سزاکان بەجۆرێک لەگەڵ کەسایەتی تاوانبارەکاندا گونجاو بێت.

5- زانستی تاواناسی رۆلێکی گرنگی هەبووە لە گەشەپێدانی سیستەمی بەندینخانەکان و پۆلێنکردنی بەندکراوان، هەروەها خستنەناوەوەی پرۆگرامی خوێندن بۆ ناو بەندینخانە و چاکسازییەکان و هۆکارەکانیتری چاکسازی تاوانباران.

6- زانستی تاواناسی رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە گۆڕانکاری لە سیستەمەی مامەڵە کردن لەگەڵ تاوانباری نەوجەوانان لە رووی لێکۆڵینەوە و بەواداچوون و دادگایکردن و جێبەجێکردنی سزاکان لە سەریان؛ بەجۆرێک کە لە زۆرینەی یاسادانانی سزایی لە جیهاندا یاسایی تایبەت بە نەوجەوانانیان دیاریکردووە  کە لە دەرەنجامی توێژینەوەکانی زانستی تاواناسییەوە سەرییان هەڵداوە.

ئەمانەو چەندین هۆکاریتر، گرنگی و بایەخی زانستی تاواناسی بۆ هەموو کۆمەڵگایەك و کۆمەڵگای کوردیش وەك بەشیك لەوان دەردەخات.

## یەکەم: مێژووی تاواناسی  The history of criminology

چەمکی  Criminology لە دوو ووشە پێکهاتووە؛ کە بریتین لە ووشەی  crimenواتا (لادان، تاوان، خراپەکاری) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە، بەشی دووەمی وشەکە برییتیە لە  logia کە لە وشەی یۆنانی logos هاتووە بەواتای (زانین، تێگەشتن، ناسین) دێت و پێکەوە دەبنە **تاواناسی**. ئەم چەمکە لە ساڵی 1885 بۆیەکەمجار لەلایەن پرۆفیسۆری ئیتاڵی ڕافائێل گارۆفالۆ(1851–1934)بەکارهاتووە.

بەڵام وشەی Criminology بە شێوەی ئینگلیزی بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمەڵناسی ئەمریکی (ماوریس پەرمەلێ Maurice Parmalee) لە ساڵی 1920 بەکارهێنرا.

زانستی تاوانناسی (Criminology) زانستی توێژینەوەکردنە لەسەر تاوان و بەدوای هۆکارەکانی ڕودانی تاوان دەگەڕێت، ئەم زانستە لەکۆنەوە جێگای تێڕامانی بیرمەندان بووە و بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی شارستانیەتەکان لێکدانەوەی جیاواز بۆ تاوان کرادووە.

لەچاخە کۆنەکاندا؛ پێیان وابوو کە گیانێکی شەڕانگێزی دەچێتە جەستەی مرۆڤەوە و ئەندامانی جەستەی کۆنترۆڵ دەکات و بەکاری دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان. باشترین ئامراز و ڕێگایش بۆ نەهێشتنی تاوان ئەشکەنجەدانی تاوانکار بوو؛ بەو هیوایەی  ئەو گیانە بێتە دەرەوە.

لە سەردەمانی زوودا لە چوارچێوەی ئەفسانەیی شیکردنەوەیان بۆ تاوان دەکرد و  چارەنوسی مرۆڤیان بە ئەستێرەیەك دەبەستەوە؛ ئەگەر ئەستێرەکە لەڕوانگەی ئەوانەوە بەد و شەڕانی بوایە ئەوا مرۆڤەکە بەکەسێکی تاوانبار سەیردەکرا چونکە پێیان وابوو ئەم ئەستێرەیە ژیان و ڕەفتاری تاکەکان ئاڕاستە دەکات.

پاشان لە سەردەمی یۆنانی کۆن؛ هەندێك لە فەیلەسوفان پێیان وابوو هۆی تاوان دەگەڕێتەوە بۆ شیرازە و لەنگەر تێکچوونی دەرونی مرۆڤ؛ ئەمەش لەئەنجامی کەموکوڕی جەستەیی و عەقڵی مرۆڤەوەیە. بەڵام ئەرستۆ پێی وابوو کە کۆمەڵگە خۆی هۆکار و پاڵنەری سەرهەڵدانی تاوانە و تاوانکار قوربانی دەستی ڕەوشی کۆمەڵایەتییە.

پاش قۆناغە دێرینەکان قۆناغی کلاسیك سەرهەڵدەدات لە تاوانناسیدا، دیلا پۆرتا لە کتێبەکەیدا بەناوی(On Physiognomy لەبارەی پێکهاتە ناسییەوە)، لە ساڵی 1586 هزری خۆی خستە ڕوو،

ئەم زانایە لەمیانەی چارەسەرە پزیشکییەکانییەوە لە نۆرینگەکەی خۆیدا تاکەکانی پشکنیوە و بەدوای هۆکاری تاوان گەڕاوە لە بونیادی جەستەیاندا؛ تاکو بزانێت جەستەی تاوانکاران چ جیاوازییەکی لەگەڵ تاکە ئاساییەکان هەیە.

پۆرتا گوتی: مرۆڤ شێوەی لە چی بچێت ڕەفتاری بەو شێوەیە دەبێت...

نوسینەکانی لۆمبرۆزۆ ڕەوتێکی جیاوازیان دایە تاواناسی، لۆمبرۆزۆی ئیتاڵی Lombroso و ئینریکۆ فیری Enrico ferri؛ تێڕوانیی خەڵکیان گۆڕی بۆ تاوان.

لۆمبیرزۆ دەڵێت: هۆکاری تاوان بایۆلۆژییە و تاوانکاران بێ خواستی خۆیان تاوان دەکەن، لە کتێبەکەیدا بەناوی (مرۆڤی تاوانبار The criminal man) کە لە 1876 بڵاوی کردەوە دەڵێت: تاوانکاران چەند جۆرێکن و هەندێکیان دەبێت بکوژرێن یان لە کۆمەڵگە دوربخرێنەوە.

قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژیای ئیتاڵی هۆکاری زگماکی و بۆماوەیی بە هۆکاری تاوان دەزانێت. تاواناسی لەگەشەکردن بەردەوام بوو، لە وڵاتان و زانکۆکان بووە جێگای بایەخ؛ تاکو گەشتە ئەوەی هانز گرۆنزی مامۆستای یاسای تاواناسی لە زانکۆی جوانزی نەمسا لە ساڵی 1912 پەیمانگای زانستی تاواناسی دامەزراند بۆ توێژینەوەکردن لەسەر تیۆرەکانی تاواناسی.

لە ساڵی 1930 کۆلێژی یاسای لە زانکۆی ستۆکهۆڵم پەیمانگایەکی بۆ زانستی تاواناسی دامەزراند.

لە ساڵی 1931 کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاواناسی دامەزرا، لە ڕۆما ساڵی 1956 قوتابخانەی تاواناسی کلینکی دامەزرا. چەندین کۆنفرانس بۆ گەشەپێدان بە تاواناسی بەستراوە و یەکەمین کۆنفرانس لە 1938 لە ڕۆما بوو.

ئێستا تاواناسی بابەتێکی نێودەوڵەتیە لە 1950 UN بڕیاریدا چەند ساڵ جارێك گۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر تاوتوێکردنی بابەتی تاوان ببەسترێ. کۆنفرانسی سێیەم لە لەندن بوو لە ساڵی 1955، چوارەم کۆنفرانس لە لاهای بوو لە 1960.

**سنور و بوارەکانی زانستی تاواناسی :**

بابەتەکانی تاواناسی جیاوازن لە بابەتە یاساییەکان و یاسای سزادان بۆیە پێویستە سنور و بوارەکانی ئەم زانستە بزانین؛ کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئایا چۆن ڕەفتاری تاوانکاری تاکەکان ڕون دەکرێتەوە؟ تاوان چییە و بەچی دەگوترێت تاوان؟ بۆچی مرۆڤ تاوان دەکات؟ ژینگە و دیاردە جیاوازەکان چۆن مرۆڤ دەکەنە تاوانبار؟

٢- چۆن لێکەوتەکانی تاوان باس دەکرێت و شی دەکرێتەوە؟ ئایا لێکەوتەکە تەنها پەیوەندی بەژیانی تاکەکەوە هەیە یان شوێنەوار لەسەر کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت؟ شوێنەوارەکان خودین یان بابەتین؟

٣- بۆچی هەندێك کەس تاوان دەکەن و هەندێکی دیکە تاوان ناکەن؟ بۆچی لە هەندێك شوێن و کات تاوان زۆرە و لە هەندێك کات و شوێنی دیکە ڕێژەکەی نزمە؟ ئایا تاوان کۆتایی دێت یان دەتوانین ڕێژەکەی کەم بکەینەوە؟

٤- چەند جۆر تاوان هەیە؟ ئایا جۆرەکانی دەگۆڕێن یان شێوازی تازەی تاوانکردن سەرهەڵدەدات؟ کۆمەڵگە چۆن ڕوبەڕوی تاوان دەبێتەوە؟

٥- ئایا چەند جۆر قوربانی هەیە؟ ئایا دەکرێت تاوانباریش بە قوربانی دۆخەکانی کۆمەڵگە بزانین؟ چۆن قەرەبوی قوربانیەکان بکەینەوە و وایان لێبکەین نە تاوان بکەنەوە و نە بیر لە تۆڵە بکەنەوە؟

**تایبەتمەندییەکانی تاوان :**

١- تاوان دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو ناوچە و وڵاتێکی سەر زەوی بوونی هەیە.

٢- تاوان ڕەگەزی شەڕانگێزی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤ واتا ئەوخراپەی گیانداران و کارەساتە سروشتییەکان کە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن بە تاوان هەژمار ناکرێت.

٣- هەر سەردەمەو جۆرە سزایەك بۆ بکەرانی تاوان هەبووە، هەندێك جار بە سزای ئاسمانی هەندێك جار بە سزا زەمینی تاوانکار ترسێنراوە.

٤- تاوان ئەستەمە کۆتایی بێت و ڕۆژێك بێت لە سەر زەویدا تاوان نەکرێت، هەندێك لە تیۆر و قوتابخانەکانی تاواناسی؛ تاوان بە ڕەفتارێکی غەریزی دەزانن.

٥- هەر تاوانێك زیاتر لە شیکردنەوە و هۆکارێکی هەیە.

٦- لەڕووی یاساییەوە هیچ کارێك بە تاوان دانانرێت ئەگەر بە دەقێکی یاسایی کردنی ئەو کارەی قەدەغە نەکردبێت، بەرامبەر هەر تاوانێکیش دەبێت سزایەك هەبێت. هەموو تاوانێك لادانە لە هەندێك یاسا و نەریت و بەها بەڵام هەموو لادانێك تاوان نییە.

٧- ئەوکارە دەبێت ڕەفتارێکی دەرەکی زیانبەخش بێت، واتا کەسێك لە هزری خۆیدا ویستی تاوانی هەبێت بەڵام نەیکات بە کردار ئەوا تاوان نییە، بۆنمونە کەسێك لە دڵی خۆیدا حەز بکات کەسێکی تر بکوژێت ئەمە تاوان نییە هەتا بە کردار ئەنجامی نەدات.

٨- دەبێت ئەو ڕەفتارە زیانبەخش بێت بەکردن بێت یان نەکردن؛ مەبەستدار یان بێ مەبەست بێت، تاوانە هەندێك کار بکرێت وەك دزی کردن؛ هەروەها تاوانە هەندێك کار نەکرێت وەك ئەوەی دایکێك شیر و خواردن نەدات بە منداڵە ساواکەی و لە برسا بمرێت.

٩- هەرگیز مانای ئەوە نییە ئەوانەی ناو زیندان هەرە خراپەکانی کۆمەڵگەن و ئەوانەی دەرەوەی زیندان لە هەموو خراپەیەك بێ بەرین، بەڵکو بەدبەختی و پەروەردە و ژینگە و چەند پاڵنەرێك خراپەیان بەم مرۆڤە کردووە.

١٠- تاوانی سیاسی و شۆڕشگێڕی ناچنە چوارچێوەی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان.

**لقەکانی تاواناسی:**

تاواناسی چەند لقێکی هەیە، هەر لقێك چەندین تیۆری هەیە و بەشێوەی خۆی تاوان شی کاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی تاواناسی چەند لقێکی سەرەکی هەیە کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- ئەنترۆپۆلۆژیای تاوان Criminal Anthropology**

ئەم زانستە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاوان دەدات و پێی وایە تاوان دیاردەیەکی کەسییە، لەلایەنی ئۆرگانی و فیسیۆلۆژی و بونیادی جەستەوە سەیری تاوان دەکات، هۆکاری تاوان بۆ ناتەواوی و کەموکوڕی جەستەی تاوانکار دەگەڕێنێتەوە.

**٢- دەروناسی تاوان Criminal psychology**

ئەم لقەی تاواناسی گرنگی بەلایەنی دەرونی تاوانبار دەدات، وەك (ئاستی زیرەکی، هەڵچون و بیرکردنەوە، نەخۆشییە دەرونییەکان، ئەزمونەکانی ژیانی تاك، پێکهاتەی کەسایەتی...)، ئەم زانستە دەیەوێت لە پاڵنەر و هۆکارە دەرونییەکانی ڕودانی تاوان بکۆڵێتەوە، ئەم لقە چەندین تیۆری هەیە و هۆکارەکانی تاوان بۆ کەموکوڕی و ناتەواوی لایەنی دەرونی تاك دەگەڕێنێتەوە، پێی وایە ئەنجامدانی تاوان هۆکارێکی خودییە نەك هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی؛ پەیوەندی بە دەرونەوە هەیە نەك جەستە.

**٣- کۆمەڵناسی تاوان Criminal sociology**

ئەم لقەی تاواناسی هۆکاری تاوان بۆ کۆمەڵگە و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە، پێیوایە کە دۆخی ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی تاوان بەرهەم دەهێنن.

پێی وایە بەگۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی؛ جۆر و ژمارەی تاوان دەگۆڕێت.

توێژینەوە لەسەر قوربانیەکانی تاوان و چۆنیەتی کەمکردنەوەی تاوان و کاریگەرییەکانی دەکات، بۆ ناسینی ژینگەی ژیانی تاوانبار گرنگی دەدات بە توێژینەوەکردن لەسەر (خێزان، ئاستی ڕۆشنبیری و ئابوری، هاوڕێ، شوێنی ژیان، شوێنی کارکردن، ئەو گروپانەی تاك تێیدا ئەندامە، بیروباوەڕ و

ئایدۆلۆیا، ئالودەبون بە بوارێك و ماددەیەك، ڕابردوی ئەو کەسە....). واتا چۆنیەتی بەکۆمەڵایەتی بەبوونی تاك.

**٤- قوربانی ناسی Victimology**

چەمکی قوربانی ناسی بۆیەکەمجار لەلایەن بنجامین مێندێلسۆن بەکارهات لە ساڵی1947.

چەمکی قوربانی victimی ئینگلیزی لە وشەی victimaی لاتینییەوە هاتووە، logy واتا زانین یان ناسین کە پێکەوە دەبنە قوربانی ناسی.

بۆنمونە: ئایا کەسێك باوکی دەکوژرێت و دایکی شودەکاتەوە و منداڵەکانی بەجێ دەهێڵێت ئەم ڕوداوە چ کاریگەرییەکی لەسەر(دەرون، پەروەردە، ئابوری، خوێندن، ئاینده...) ی ئەو منداڵە جێ دەهێڵێت؟

ئایا ژنێك لەسەر ناپاکی هاوسەرگیری دەستگیر دەکرێت ناوبانگی کچ و کوڕەکانی چی لێ بەسەردێت؟ کەسێك هەموو سامانەکەی دەدزێت و هیچی نامێنێت ئایا ژیانی ئەو کەسە چی لێدیت؟ چۆن بتوانین کەمترین شوێنەوار لەسەر قوربانی بهێڵینەوە؟

چۆن وابکەین قوربانی نەبێتەوە تاوانبار و تۆڵە لە کۆمەڵگە نەکاتەوە؟ چۆن دەرونی قوربانی ئارام بکەینەوە؟ چۆن تاوانبار لە خێزانەکەی جیابکەینەوە و نەهێڵین خێزانەکەی ببنەوە قوربانی ؟

**٥- ئاماری تاوان Crime statistics**

ئەمەش یەکێکە لە لقەکانی ئەم زانستە و بەکاردەهێنرێت بۆ تویژینەوەکردن لەسەر (ژمارە، جۆر، قەبارە، قوربانی،...)ی تاوان. بەهۆی ئەم لقەوە بە ژمارە ڕاڤەی دیاردەی تاوان دەکرێت، هەروەها ڕاڤەی نێوان تاوان و هۆکاری سەرهەڵدانی تاوان دەکرێت، ئەمەش بە دوو جۆر بەکاردێت کە هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە.

**جۆری یەکەم: ئاماری جێگیر**

ئەم ئامارە تایبەتە بە(شوێن)، واتا ئاماری شوێنێکی دیاریکراو وەك(وڵات، هەرێم، شار،...)، دەکرێت لە دوو کاتی جیاواز کە ئەو شوێنە نەگۆڕە، بۆ نمونە ژمارەی تاوان لە ساڵی 2020 چەندە لە شاری هەولێر و چەند جۆر تاوانی تێدا ڕویداوە وە لە ساڵی 2021 چەند تاوان رویداوە، هەروەها بەراوردی نێوان دوو شوێن دەکات لەڕووی ژمارە و جۆری تاوانەوە لە هەمان کات یان لە دوو کاتی جیاواز.

**جۆری دووەم: میتۆدی کاتی و جوڵاو**

تایبەتە بە ئاماری (کات) واتا ژمارەی تاوانەکان دیاری دەکات لەو کاتەدا بۆنمونە: ژمارەی تاوانی کوشتن لە شەش مانگی سەرەتای ساڵدا دەخەملێنێت، گرنگی بە کات دەدات کە ئایا لە چ کاتێك کەمترین و زۆرترین تاوان ئەنجام دەدەرێت.

**٦- سزاناسی Penology**

پینۆلۆژی لێکدراوی هەردوو ووشەی لاتینی (Peno) واتە سزا و؛ لۆژی(logia)ی یۆنانییە، کە پێکەوە دەبنە Penology واتە سزاناسی. یەکەمجار ئەم چەمکە لەلایەن فرانسیس لیبێر بەکارهێنرا.

ئەم زانستە بەشێکە لە زانستی تاوانناسی؛ بەڵام لێرەدا زیاتر بایەخ بەلایەنی کرداری دەدرێت.

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم شێوە پێناسەی سزاناسی دەکات: سزاناسی؛ زانستی سزای تاوان و بەڕێوەبردنی بەندیخانەیە. ئەم زانستە جەخت دەکاتە سەر کاریگەری سزا و بەندیخانە لەسەر بەندکراو و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵیدا، ئامانجی جۆراوجۆری هەیە کە بەپێی قۆناغە مێژوییەکان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، لە کۆندا تاوانبار بەشێوەیەك سەیر دەکرا کە نوێنەری شەیتانە لەسەر زەوی بۆیە بە توندترین شێوە سزا دەدرا .

**ئامانج لە سزادان The aim of panishment**

ئامانج لەسزادان بریتییە لە پاراستنی تاك و کۆمەڵگە؛ هەروەها قەدەغەکردنی ئەو کارانەیە کە زیانی لێدەکەوێتەوە. سەرباری ئەمەش چەند ئامانجێکی تر هەیە لە سزادانی تاوانباران کە بریتین لە:

**١- هێز لێبڕین(لاوازکردن)**: دەبێت ئەو لایانانە لاواز بکرێن کە ویستی تاوانکردنیان هەیە و لەبەرامبەر یاسادا بچوك بکرێنەوە، دەبێـت یاسا لە هەموان بەهێزتربێت و بەرژەوەندی گشتی لەسەرەوەی خواستی تاکەوە بێت.

**٢- ڕێلێگرتن:** ئەگەر سزای تاوانباردرا ئەوا ڕێگەمان لە تاکەکانی دیکە گرتووە و ناوێرن یان ناتوانن تاوان بکەن چونکە دەزانن سزا دەدرێن. هاوڵاتیان ئەگەر ببینین یاسا هەیە و بە توندی دەسەپێت ئەوا دەترسن و ناوێرن کاری دژ بە یاسا بکەن.

**٣- سزادانەوە:** لەو سەردەمەی کە بەندیخانە نەبوو پێی دەگوترێت سەردەمی تۆڵەسەندنەوەی تاکایەتی، هەرکەس هەر تاوانێکی کردبێت بەهەمان شێوە سزا دەدرایەوە؛ ئەوەی کەسێکی دەکوشت دەبوا بکوژرێتەوە، ئەوەی چاوی کەسێکی دەربهێنایە دەبوا چاوی دەربهێنرێتەوە.

**٤- پاراستن:** بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەو مرۆڤانە دەبێت تاوانباران لە زیندان کۆبکرێنەوە و چیدی تاوان نەکەن، دەبێـت کۆمەڵگە بپارێزرێت و مرۆڤە بێتاوانەکان توشی تاوان نەبن و لە تاوانبارانەوە فێری تاوان نەبن.

**٥- چاکسازی:** لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە زیندان دەبێت ناوەندێك بێت بۆ ئەو تاکانەی چانسیان نەبوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی فێری ئاکاری باشبن. زیندان دەبێت ئەو ناوەندە بێت تاك دووبارە بە کۆمەڵایەتی بکاتەوە و دەرفەتی بداتێ بۆ ژیانێکی باشتر؛ وەك فێرکردنی کار و پسپۆڕی، کردنەوەی چەندین خول بۆ زیندانیان، دابینکردنی پسپۆڕی دەرونی و کۆمەڵایەتی، کردنەوەی قوتابخانە لەناو زیندان. بەجۆرێك لەگەڵ تاوانبار ڕەفتار بکرێت کە هەست بە پەشیمانی بکات لەکردنی تاوان نەك زیندان شوێنێك بێت تاك تێیدا فێری تاوانی دیکە بێت و خەڵکی خراپ ئایندەیەکی خراپتری بۆ دروستبکەن.

7. **قەرەبوکردنەوە:** کەسێك ئەگەر زیان لە سامانی گشتی یان تایبەتی بدات دەبێت قەرەبووی بکاتەوە. بۆنمونە ئەگەر کەسێك بە ئۆتۆمبێل خۆی کێشا بە دیواری فەرمانگەیەکدا و ڕوخاندی؛ دەبێت دیواری ئەو فەرمانگە چاك بکاتەوە، ئەم قەرەبوکردنەوەیە بەیاسایە و لەلایەن دەسەڵاتەوە دەسەپێنرێت؛ و ئەندازەی قەرەبووەکە لەلایەن دادوەرەوە دیاری دەکرێت.

**سزای تاوان، لە یاسا پۆزتیڤیزم- الوضعیة-دانراوەکان:**

-یاسا دانراوەکان-پۆزەتیڤیزمەکان، تاکۆتایی سەدەی هەژدە، دوای شۆڕشی فەرەنسا، ئەو ڕێسایەیان بەکارنەدەهێنا کە دەڵێت( تاوان و سزا نییە تەنها بە دەق نەبێت).

- دادوەرەکان کۆنترۆڵی دیاریکردنی جۆری تاوان و سزادانیان دەکرد.

- بەو پێیەی ئەنجامدەرانی تاوانەکان بەپێی بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتییان جیاوازن، ئەمەش مەترسی تاوانکاری لە تاوانبارێکەوە بۆ تاوانبارێکی دیکە خستەروو. کە پێویستی بە جێهێشتنی هەڵبژاردن بۆ دادوەر هەبوو بۆ حوکمدان لەسەر سزای گونجاو بۆ هەر کەیسێک بە جیا، بەپێی توندی تاوانکاری هەر یەکێکیان.

- لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، (بەکەریا)، نووسەری کتێبی (لەبارەی تاوان و سزاکان)، داوای سنووردارکردنی دەسەڵاتی دادوەرەکان کرد.

- پێیوابوو پێوستە دادوەر بکرێتە جێبەجێکاری یاسا، نەک یاسادانەر.

- بەمەش دانانی سزای یاسایی گواسترایەوە بۆ دەستەیەکیتر دوور لە دادوەران، ئەمەش سەرەتای جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە بوو(تاوان و سزا نییە تەنها بە دەق نەبێت).

- دادوەر  تەنها بەپێی یاسا دانراوەکان سزا دیاریکراوەکانی دەسەپاند، واتە سزاکە دیاریدەکرا بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخی تاوانبار یاخود تاوانەکە.

- پاشان پێیانوابو ئەم شێوازە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر زیانیان بەر بکەوێت.

- بەمەش بیریان لە دامەزراندنی سیستەمێکی نوێکردەوە؛ بەوەی سزاکان بکاتە دوو ئاست: بەرزترین و نزمترین، دادوەر دەتوانێت بەپێی بارودۆخی تاوان و تاوانبار یەکێک لەم دوو ئاستە دیاری بکات.

- بەمەش بەشێک لە تاوانباران، بە بازدان لە نێوان دەقە یاساییەکان دەیانتوانی لە سزا ڕزگاریان بێت یاخود کەمتر لەسزاکەی خۆیان وەربگرن.

- لە یاسای ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٩٣٥ دەرچووە، دەسەڵاتی بە دادوەرداوە، ئەگەر کردەوەیەک کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی ئەڵمانیا هەبێت، بخرێتە بەردەمی، بەبێ ئەوەی دەقێکی تاوانکاری تایبەتی تێدا بێت، ئەم کارە بە تاوان بزانێت و سزا بەسەر تاوانبارەکەیدا بسەپێنێت.

- یاسای ئیتالیا لە هەندێک حاڵەتدا دەسەڵاتی بە دادوەر داوە دەستکاری جێبەجێکردنی سزاکە بکات لەڕووی ماوەی سزاکە و شێوازەکەیەوە.

- سەبارەت بە یاسای دانیمارک، سزادان بۆ هەر کردارێک کە دەتوانرێت لە بەرامبەر کردەوەیەکی قەدەغەکراوی دیکەدا بپێورێت، ڕێگەپێدراو بوو.

**سەبارەت بە یاسای سزادان لە ئیسلامدا، دەتوانرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:**

١- لە تاوانە مەترسیدارەکاندا کە کاریگەرییان دەبێت بەسەر سەقامگیری کۆمەڵگا، زۆر پابەندە بەو ڕێسایەی کە دەڵێت(تاوانێك بەبێ دەق نییە)، بۆیە بەوردی پێناسەی تاوانەکە دەکات و سزاکەشی دیاری دەکات. کە بریتیین لە:

- سزای(حدود- سنووردانان).

- سزای(القصاص و الدية- تۆڵەسەندنەوە و پارەی خوێن)دانراوە.

٢- لەتاوانە کەمتر مەترسیدارەکاندا، سزای(التعازير-سەرزەنشتکردن)دانراوە، واتا نەرمتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات؛ لەنیو کۆمەڵێک سزادا دادوەر دەتوانێت سزای گونجاو هەڵبژێرێت.

**جیاوازی نێوان یاسای سزادانی ئیسلام و یاس پۆزتیڤیزم –الوضعی- دروستکراوەکانی مرۆڤ لێرەدا، ئەوەیە:**

١- له ئیسلامدا بەپێی جۆری تاوانەکه، شێوازی سزاکه و دەسەڵاتی دادوەر دیاریدەکریت؛ بەوەی که له هەندێک جۆری تاوان(حد-القصاص و الدية) سزاکه دیاریکراوه و دادوەر تەنها بریارەکه دەردەکات، بەڵام له جۆرێکیتردا(التعازیر)، دادوەران لەنێوان چەند سزایەک دەتوانن یەکێییکان هەڵبژێرن.

- سەبارەت به یاسا دانراوەکانی مرۆڤ، ئەو ڕێسایه(تاوان و سزا نییه تەنها به دەق نەبێت)، به یەک شێوه بۆ هەموو تاوانەکان جێبەجێ دەکرێت.

٢- یاسا دانراوەکان له گۆڕانی بەردەوامدان، بەپێی گۆڕانی دۆخی کۆمەڵگا؛ بەڵام یاسای سزایی ئیسلام بەجێگیری ئەمێنێتەوه لەبەرامبەردا گشتی بوون، بەرفراوانی زۆر بەخۆیەوه دەبینێت.